# جیابوونەوەی ژن و مێرد، منداڵ بەرەو کوێ دەبات؟!

بەگوێرەی ئامارە ڕەسمەکان ڕێژەی تەڵاق (جیابوونەوە) لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەبەرزبوونەوە دایە. تەنانەت دادوەرو پارێزەرەکانیش سەریان لەو بەرزبوونەوەیەدا سوڕماوە، چونکە بە جیابوونەوەی ژن و مێرد کێشەکان یەکلایی نابنەوە، بەتایبەتیش ئەو خێزانانەی کە منداڵیان هەیە، چارەنووسی منداڵەکان لە نادیاری دەمێنێتەوە. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر داهاتووی کۆمەڵگە دادەنێ، بۆ بەدواداچوون سەبارەت بە کێشەی منداڵە بێ سەرپەرستەکان ناچاربووین لەچەند تەوەرێکەوە بەدواداچون بکەین. لەلایەکەوە خودی منداڵەکان بدوێنین، لەلایەکی دیکەشەوە سەرپەرشتکاران و لایەنی پەیوەندیدار، بەتایبەتیش پزیشک و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی.

سەرەتا لە گەڕەکێکی هەژارنشینی شاری هەولێردا سێ منداڵی بێ دایک و باوکمان دواند، کە بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکیان کەوتوونەتە لای داپیرەیان، ئەویش ژنێکی بەساڵاچووەو تەنیا مووچەی پیرانە وەردەگرێ.

منداڵەکان ناویان ( ئاڤان و ئاران وشادان)ە، ئاڤان تەمەنی ١٢ ساڵانە، تەنیا تا سێی سەرەتایی خوێندووە، ئێستا لە کاروباری ناوماڵدا هاوکاری داپیرەی دەکات. ئەو بە شەرمەوە گوتی: 'منداڵی بێ دایک و باوک بەدبەخت دەبن، لەهەموو شتێک بێبەش دەبن، ئەوەتا ئێمە حەزرەتمان جلوبەرگێکی جوانە، ئێمەش حەزمان دەکرد لەباوەشی دایک و باوکی خۆماندا گەورەبووینایە، بەڵام بڵێم چی! ئەوان لەگەڵ یەک نەدەگونجان، بەردەوام بەشەڕ دەهاتن، ئەوان ژن و مێرد نەبوون، دوو دوژمن بوون، بەردەوام شەڕو ئاژاوەیان بوو، ئێمە دەستەڵاتمان نەبوو، کەچی دیسانیشەوە حەزمان نەدەکرد ئەوان لێک جیاببنەوە، چونکە من دەمزانی ئەگەر ئەوان جیاببنەوە، ئێمە دەکەوینە بندەستان، هەر باش بوو داپیرەمان هەبوو، ئەگەرنا دەکەوتینە کۆڵانان'

ئاران تەمەنی ٩ ساڵانە، لەگەڵ هەردوو خوشکەکەیدا لەلای داپیرەیاندا دەژی، بەڵام زۆر بزێوو شەڕانیە، ئەو خۆی دەڵێ: 'هەتا مەکتەب هەبوو، باش بوو، بەڵام لەوەتەی فێرگە داخراوە لەماڵەوە بێزاردەبم، ناچار دەچمە کۆڵان و لەگەڵ منداڵان یاری دەکەم، هەندێک جار بەشەڕ دێین، ئەگەر خەتای منیش نەبێ، داپیرە هەر لەمن دەدات، بۆیە حەز ناکەم بێمەوە ماڵ، شەوان درەنگ دێمەوە، هەندێک جار کە دێمەوە، ئەوان خەویان لێکەوتووە، بۆخۆم دەچمە سەر بان و لێی دەخەوم، ئەمن کە دایک و باوکی هاورێکانم دەبینم زگم بەخۆمان دەسووتێتەوە، بەڵام بەخۆم دڵی خۆم دەدەمەوەو دەڵێم خوا لە چارەی نووسی بووین، هەر دەبوایە وامان لێبێ'

ئاران جەخت دەکاتەوە کە داپیرەی و خەڵکی گەڕەک ئامۆژگاریان دەکەن و هاوکاریشیان دەکەن، بەڵام دان بەوەدادەنێ کە زۆر لە داپیرەی ناترسێ، دەتوانێ لەدەستی رابکات.

شادان تەمەنی ٥ ساڵانە، تەنیا دوو ساڵ لەباوەشی دایکی و ساڵێکیش لەگەڵ باوکی ژیاوە، ماوەی دوو ساڵیشە لەلای داپیرەی دەژی، ئەو نەیدەتوانی قسەمان بۆ بکات، بەشەرمەوە تەماشای دەکردین، خۆی لە پەنای ئاڤانی خوشکی شاردبۆوە، داپیرەیشی وایدەزانی ئێمە لە ڕێکخراوێکی خێرخوازیەوە سەردانمان کردوون، حەزی دەکرد شادان قسەمان بۆ بکات.

خاتوون نەخشین داپیرەی سێ منداڵەکە زۆر ماندوو دەهاتە بەرچاوان، لەژیان بێزاربوو، دەیگوت: 'زۆرجاران دەمەوێ خۆم بکوژم و لەدەست نەبوونی دەرباز بم، بەڵام کەبیر لەو سێ منداڵە دەکەمەوە، پەژیوان دەبمەوە، دەزانم ئەگەر ئەمن نەبم، ئەوان دەکەونە قون دەرکان، ئەمن داپیریانم لێیان بێزارم، ئەوجار خەڵکی بیانی چۆن لێیان بێزار نابێ؟!'

پوورە نەخشین بەسەر هاتی کوڕەکەی و بووکەکەی گێڕایەوە، ئەو دەیگوت: 'بەتەنیا خەتای بووکەکەم نەبوو، کوڕەکەشم سوچی هەبوو، چاوگێڕبوو، خۆی قیت و قۆز دەکردو جل وبەرگی کەشخەی لەبەر دەکرد، بووکەکەم بەوە دڵپیسی لێدەکرد، وایدەزانی هەرچی ژنە حەزی لێدەکات، کێشەکەیان لەسەر ئەوە دەستی پێکرد، ڕۆژێکیان ژنێک هاتبووە ماڵیان و شووشە گوڵاوێکی بۆ کوڕەکەم هێنابوو، ئیدی کێشە دەستی پێکرد، ئەو دەیویست مێردەکەی قسە لەگەڵ هیچ ژنێک نەکات، کوڕەکەشم دەیگوت ئەتو ئامۆزای جاحێڵت هەن و نابی سەردانت بکەن، نابی بەتەنێ بچیەوە ماڵی بابت، بووکەکەم دەیگوت ئەگەر ئەمن حەزم لەوان بایە مێردم لێدەکردن، بەڵام ئەوان وەکی برام وان، سەرتان نەیەشینم، لەیەکتر تێنەدەگەیشتن، سەرئەنجام لێک جیابوونەوەو خەم و خەفەتیان لەبۆ من بەجێ هێشت'

هەر لەو گەڕەکەدا باسی ٥ منداڵیان بۆکردین کە ماوەی ١٢ ساڵ دەبێ لەلای باپیرو داپیریان دەژین، هەرچۆنێ بوو ئەو ماڵەمان دۆزیەوە، بەڵام ئەوان نەیاندەویست قسەمان بۆ بکەن، بەتایبەتیش کچەکان چونکە تەمەنیان گەورەبوو، نەهاتنە لامان و وەڵامیشیان نەداینەوە، سێ کوڕەکە نەیاندەویست بەخراپە باسی و دایک و باوکی خۆیان بکەن، کوڕە گەورەکەیان کە فێرخوازی زانکۆیە، لەپۆلی دووەمی کۆلیژێکی باش دەخوێنێ، پێیڕاگەیاندین کە دایک و باوکی بەهۆی جیاوازی حزبایەتیەوە لێک جیابوونەتەوە. ئەو دەیگوت: 'باوکم مرۆڤێکی زۆر باشە، کاری سیاسی دەکات، بەڵام دایکم حەزی نەدەکرد لەو حزبەدا کار بکات، ئەو دەیویست بچێتە لای ئەو حزبەی کە خزمەکانی خۆی لەوێ بوون، باوکم رازی نەدەبوو. ئەوکاتیش سەردەمی شەری براکوژی بوو. بەوهۆیەوە ئەوان لێکجیابوونەوە، بەڵام بە ویژدانەوە دەڵێم کە خەتای دایکم بوو، ئەو لەژێر کاریگەری ئامۆزاو براکانی دابوو، بە قسەی ئەوان ژیانی لە خۆی و لە ئێمە تێکدا، ئەو ئێستا لەگەڵ ماڵی برای دەژی و بەدەگمەن سەردانمان دەکات، چونکە ئێمە نامانەوێ ئەو دایکە ببینین، بەڵام باوکم زۆر هاوکاریمان دەکات، هەرچی مووچەی هەیە بە ئێمەی دەدات، ١١ ساڵ ژنی نەهێنایەوە، سەرەنجام کە ئێمە گەورەبووین، ئەوسا ژنی دووەمی هێنایەوە، باوکم لێرە ناژی، چونکە کارەکەی لە شارێکی دیکەیە'

لەدادگەی بەرایی هەولێر سەبارەت بەو کێشەیە پرسیارمان لە چەند پارێزەرێک کرد، هەموویان هاوڕابوون کە ڕێژەی جیابوونەوە لە بەرزبوونەوە دایەو ئەمەش کاریگەری خراپ لە سەر دەروونی منداڵەکان دادەنێ، بەوهۆیەشەوە ئایندەی کۆمەڵگە باش نابێ، هەندێک لەوان پێیانوابوو کە دەبێ حکومەت ژیانی ئەو منداڵانە لەئەستۆ بگرێ کە بێ سەرپەرشت دەمێننەوە، بەڵام یەکێک لەو پارێزەرانە کە حەزی نەکرد ناوەکەی ئاشکرا بکرێ، گوتی: 'من پێموایە ئەگەر ژن و مێردەکان بزانن کە حکومەت ژیانی منداڵەکان لەئەستۆ دەگرێ، ئیدی ڕێژەی تەڵاق زیاتر دەبێ، چونکە تا ئێستاش زۆرێک لە ژن و مێردەکان لەبەر خاتری منداڵەکانیان تەحەمولی یەکتر دەکەن و کێشەکانیان قوڵتر ناکەنەوە'

خاتوو گەلاوێژ لە بواری هاوکاریکردنی منداڵانی بێسەرپەرشتدا کار دەکات، ئەو پێیوابوو کە بەتەنیا دایک و باوکەکان لە داهاتووی منداڵەکان بەرپرسیار نین، بەڵکو حکومەت و کۆمەڵگەش بەرپرسیارن. ئەو پێیوایە کە دەبێ حکومەت ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، هەر کۆمەڵگەیەک ئەگەر نەتوانێ ژیانێکی باش بۆ منداڵەکانی مسۆگەر بکات، دەبێ بزانێت کە داهاتوویەکی زۆر خراپی دەبێت.

دکتۆر لەتیف پسپۆڕ لە دەروونناسی، پێیوایە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی منداڵیدا دوور لە دایک و باوکیان دەژین، یان لە سۆزی ئەوان بێبەش دەبن، لە گەورەییدا دووچاری نەخۆشی دەروونی دەبنەوە، تەنانەت توانای مێشکیان کەم دەبێ و ناتوانن بەسەر کێشەو گرفتەکانیان زاڵ ببن.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە ئایا ڕێگە چارەیەکی گونجاو بۆ دابەزاندنی ڕێژەی تەڵاق لە ئارادا هەیە؟ بێگومان ناتوانین وەڵامێکی دروست بدەینەوە، چونکە ژن و مێرد ئەگەر خاوەن مووچەو گیرفانی خۆیان بوون، بەرگەی پرتەوبۆڵەو گازاندەی بەرانبەر ناگرن و دەیانەوێ بە ئازادانەتر بژین، ئەمەش هۆکارێکی دیکە دەبێ بۆ بەرفراوانبوونی تەڵاق و دوورکەوتنەوەی ژن و مێردەکان لەیەکتر، بەتایبەتیش لەم ڕۆژگارەدا قەیرانی باوەڕ، واتە ئەزمەی سیقە لەنێوان ژن و مێردەکاندا قوڵتر دەبێتەوە، پیاوەکان بیر لە خۆشگوزەرانی خۆیان دەکەنەوە، دەیانەوێ بەتەنیا یان لەگەڵ هاورێکانیاندا بڕۆنە گەشت و گوزار، ژنەکانیش ئیرەییان پێدەبەن و دەیانەوێ لاساییان بکەنەوە، بەوهۆیەشەوە ئێستا نەحکومەت ڕێگەچارەیەکی گونجاوی لەبەردەست دایە، نە ڕێکخراوەکانی هاوکاری خێزانیش بودجەیەکی کراوەیان هەیە تا پرۆژەو بەرنامەی کردەیی دابنێن و نەوەی نوێ لە پەرتەوازەیی و لاوازی بپارێزن.

**شازین**



# سەبارەت بە خزمەتگوزاری کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت

تەلەفۆن و ئینتەرنێت یەکێک لەو داهێنانە پڕ سوودانەن کە کارئاسانی زۆر بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات. بە واتایێکی دیکە دەکرێ بگوترێ کە جیهانگیری ئینتەرنێت گۆی زەوی بچووک کردۆتەوە، هەسارەو ئەستێرەکانی بەیەکتر ناساندووە، بەوهۆیەشەوە پێوەندی لەنێوان نەتەوەو گەلان و وڵاتان و تاکەکانی کۆمەڵدا خێراکردووە، هەقە تێکڕای مرۆڤایەتی سوپاسی ئەو زانایانە بکەن کە ئەو داهێنانەیان پێشکەش کردووین، تەنانەت کۆمپانیاکانیش ڕۆڵی بەرچاویان لە گەیاندنی ئەو داهێنان و خزمەتگوزاریانەدا هەیە، بەڵام ئایا کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت لە باشووری کوردستان هەمان دیدگەو ئامانجیان هەیە؟ ئایا ئەوانیش بەرلەهەموو شتێ بیر لە خزمەتگوزاری دەکەنەوە؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هێندە ئاسان نیە کە من تەنیا وەڵامی بدەمەوە، بۆیە بەناچاری ڕووی پرسیارم لەچەند کەسێک کرد کە یان تەلەفۆنیان هەیە یان هێڵی ئینتەرنێتیان هەیە.

**سەباح ن** سەبارەت بەم پرسیارە گوتی:' باوەڕبکە کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت لە باشوری کوردستاندا خەڵکیان شێت کردووە، هەندێکجار مرۆڤ رقی لەو داهێنان و خزمەتگوزاریە دەبێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان تەنیا بیر لە قازانج دەکەنەوەو باکیان بە چۆنیەتی خزمەتگوزاریەکان نیە'

**سەباح** گوتی:' لەم ڕۆژانە هێڵێکی ئینتەرنێتی وایەرلێسم کڕی، لە دڵی خۆمەوە گوتم ئیدی ئیسراحەت دەکەم، بەڵام ئەو کۆمپانیایەی لێم کڕی بوو، بەناو بەشی خزمەتگوزاری هەیە کەچی ڕۆژانی هەینی و شەممەیان نەک هەر کەسیان لەوێ نیە، بەڵکو کارەباشیان نیە، واتە لەو ڕۆژانەدا تەنیا کەسێکیان بۆ وەڵامدانەوەی پێوەندیەکان داناوە کەهیچی لەدەست نایەت'

**کامەران حەسیب** خۆی وەک خوێندکاری زانکۆ ناساند، گلەیی زۆری لە مۆبایل هەبوو، ئەو پێیوابوو کە دزی لە کارتەکان دەکرێ، جاری واهەیە هێشتا چەند خولەکێک قسە نەکراوە، کارتەکە سفر دەبێ، لەو بارەیەوە گوتی:' ڕۆژێکیان کارتێکم کڕی، هێندەی کردم داخڵ نەبوو، بەپەلە چومە ئەو شوێنەی کارتەکەم لێ کڕی بوو، بەو هیوایە بۆم بگۆڕێ، کەچی کابرا هەر وەڵامیشی نەدامەوە، گوتی دەتوانی پەیوەندی بە بەشی خزمەتگوزاریەوە بکەی، زۆر بە زەحمەت بەشی خزمەتگوزاریم وەرگرت، ئەوان لە جیاتی هاوکاریم بکەن، دەیانگوت کاکە کارتەکە داخڵ بووەو قسەشت پێکردووە، من نەمدەزانی چی بکەم، ئاخیرەکەی ناچار بووم وازی لبهێنم، بۆم نەدەکرا بۆ کارتێک ئەوەندە بینەو بەردەیەی بکەم'

**تەلار محەمەد** کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵ، سەبارەت بە کێشەی تەلەفۆن گوتی:' ساڵی پار سیم کارتێکم کڕی، ماوەیەک کارتم بۆی دەکڕی و پڕم دەکردەوە، دواتر لەسەر ئەو سیم کارتە دووچاری هەندێک کێشە هاتم، بۆیە بە ناچاری مۆبایلەکەم داخست و ماوەی ٤ مانگ و ٢٣ ڕۆژ نەمکردەوە، پاشان کێشەکە کۆتایی هات، منیش مۆبایلەکەم هێنایە دەرێ و ویستم قسەی پێبکەم، بەڵام هەرچەندەی کردم نەمتوانی قسە بکەم، وام زانی باڵانسی کارتەکەم تەواو بووە، کارتێکی دیکەم کڕێ، ویستم داخڵی بکەم، کەچی قەبوڵی نەکرد، دەنووسرا کێشە لە هێڵەکەتدا هەیە، پەیوەندی بە ژمارە ١١١ەوە بکە، سەرەنجام لە تەلەفۆنێکی دیکەوە پەیوەندیم بە ژمارەکەوە کرد، دەرکەوت لەخۆیانەوە رایانگرتووە و دایانخستووە، هۆکارەکەیم پرسی، کەچی وەڵامێکی ئەوتۆیان نەدامەوە کە دڵم ئاو بخواتەوە، ئیدی لە داخانا سیم کارتەکەم شکاندو سیم کارتێکی دیکەم کڕی'

**نەریمان عەلی** کە لەهەندەرانەوە هاتۆتەوە کوردستان و هێڵێکی ئینتەرنێتی وایەرلێسی کڕیوە، ڕۆژی هەینی لەبەردەم نووسینگەی کۆمپانیایێک راوەستابوو، لە داخستنی دەرگای کۆمپانیاکە بێزاری خۆی دەردەبڕی، ئەو گوتی:' وایەرلێس هەر ئەوە نیە تەنیا لە نێو شارێک وەربگرێ، دەبێ وەکو مۆبایل لەهەموو شوێنێک وەربگرێ، بەڵام بەداخەوە کۆمپانیاکانی ئێرە بە زۆری چاویان لە قازانجی زیاترە، بۆیە هێڵەکانیان بەسەر چەند شێوەیەک دابەش کردووە، لەهەمووی سەیرتر سیم کارتیان تێدانیە'

**نەریمان** دەیگوت:'باوەڕ بکە لە ئەوروپا گرەو لەسەر باشی خزمەتگوزاری دەکرێ، کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن کێبەرکێ لەسەر خێرایی و بەهێزی هێڵەکان دەکەن نەک لەسەر قازانج، بەڵام لێرە ئەوەی بیریان لێنەکردۆتەوە خزمەتگوزاریە، ئەوەتا هێڵی ئینتەرنێتەکەم کار ناکات، دەبێ تا ڕۆژی یەکشەممە بوەستم، ئەمەش واتای ئەوەیە کە من ٤٨ سەعاتی دیکە بێبەش دەبم، بەڵام ئەوان باکیان بەکات نیەو بیری لێناکەنەوە، کات بەلای منەوە زۆر گرنگە، چونکە دەبێ ئەمڕۆ هەینی شتەکانی خۆم لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بۆ شوێنی کارەکەم ڕەوانە بکەم'

**مامۆستایێکی زانکۆ** کە نەیویست ناوی بنووسرێ، سەبارەت بە هێڵی ئینتەرنێت و خزمەتگوزاریەکانی گوتی: 'هێڵەکان نەک هەر خاون، بەڵکو بەکەڵک ئەوە نایەن پشتیان پێ ببەستیت، چەندین جار شتم ئیمایل کردووە، کەچی نەڕۆیشتوە، یان لەو کاتەدا هێڵە پچراوە، یان لەکار کەوتووە، ئەو هێڵانە تەنیا بۆ کاری سەرپێی دەست دەدەن، جێگەی باوەڕنین و بازرگانین، چونکە بەداخەوە کۆمپانیاکان بەرلەوەی بیر لە خزمەتگوزاری بکەنەوە، بیر لە قازانج و فرۆشتنی زۆر دەکەنەوە، ئاخر ئەگەر سێرڤەرەکە توانای کەمی هەبێ، هەق نیە زۆری لێ بفرۆشرێ، باشتروایە بەر لەوەی هێڵی لێبفرۆشن، هەوڵ بدەن تۆڕەکەی بەهێزو فراوانتر بکەن'

سەبارەت بە بزربوونی سیم کارتیش هەندێک کەس پێیانوابوو کە ناهەقی دەکرێ، چونکە لەکاتی وەرگرتنەوەی سیم کارتی نوێ پارە وەردەگرن، ئەمە لە وڵاتانی دیکەدا نیە. **سەگڤان موشیر** گوتی:'جاران لەوڵاتی سوێد دەژیام، ماوەی شەش مانگە هاتوومەتەوە، لێرە دوکانم داناوەو کار دەکەم، لەوێ ئەگەر سیم کارت بزر بکەی، سیم کارتێکی نوێ بەبێ بەرانبەر وەردەگرێ، بەڵام لێرە دە دۆلارت لێوەردەگرن، ئەمەش ناڕەوایە، بۆ وا لەم خەڵکە دەکەن، خۆ پارە پەیدا کردن هێندە ئاسان نیەو لە ئاسمانەوە داناباریێ!'

ئێمە ویستمان سەبارەت بە کێشەی خزمەتگوزاری مۆبایل و ئینتەرنێت سەردانی کۆمپانیاکان بکەین، بەڵام هەردوو ڕۆژی هەینی و شەممە هەوڵمان دا بۆمان ئەنجام نەدرا، هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا سەبارەت بەو کێشەیە رای ئەوانیش وەربگرین، چونکە لایەنێکی سەرەکی کێشەکەن، زۆر خۆشحاڵ دەبین ئەگەر ئەوان بۆ خۆیان پەیوەندیمان پێوە بکەن یان سەرنجی خۆیان ڕەوانە بکەن، چونکە ئێستا تۆڕەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر لە بەرەو پێشەوبردنی کۆمەڵگە ببینن، بەتایبەتیش ئەگەر خاوەن کۆمپانیاکان بەهەستی وڵاتپارێزیەوە لێی بڕوانن و هێندە هەڵپەی قازانج نەکەن.

ئامادەکردنی:
**سەردارو هێما**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com